هەردی مەهدی



# ببورە سەرکۆمار .. هەرگیز سەرۆکی ئێمە نەبووی

hardi_mahdi@yahoo.com

ئێمە "ئەوەی لە شاخدا جەنگی بۆ دەکەین لە سەرمێزدا لەدەستی دەدەین"، ئەمە وتەیەکی دیارە کە لە سیمای بزافێکی پەرت و ئاڵۆز و شێواوی پەت پەتێنکەری ناو ئایدۆلۆژیا شۆڕشگێڕیەکان و خەتە فیکریەکانی دنیا، بەلاّم ئەم جارە رەنگە جیاواز بوبێت ، لەسەر مێزدا نەدۆڕاین، ئەمجارە لەناوپۆستدا خۆمان پشتمان لەخۆمان کرد و نەك نەشمان دۆڕاند، بگرە نەمانویست گفتوگۆ بکەین و خۆمان لەبیرکرد. "نەستی سەرکردەکانمان وادەلێت".

راستیەکەی ئەم نوسینە ئەوەندە لەوەوە نەهاتوە کە خوێندنەوە بۆ چالاکیەکانی سەرۆك کۆمار و پۆستەکانی دیکەی کورد لە بەغدا بکەین، زیاتر لەوەوە هات کاتێك لەم مانگەدا وترا بە سەرەك کۆماری ئەمڕۆی عێراق (گەر بە داواکانی ئیئتلاف رازی نەبێت ئەوا پۆستی سەرۆك کۆماری نادەنەوە)، لێرەدا ئەبێت بپرسین بۆ سەرۆك کۆمارە کوردەکەتان ناوێت؟ چیتان بۆ ناکات؟ لە مێژووی عێراقدا رەنگە کۆبونەوەیەکی شیعە و سوننە بۆ گفتوگۆ نەکرابێت ، کەچی ئەو ئێوەی کۆکردەوە و بوەتە عەسای موسا و مەهدی ئاخیرزەمان بۆ ئێوە ، وا خەریکە کوردستانی بیردەچێتەوە، ئیتر بۆ ناتانەوێت؟!پێم سەیرە، وا لەم مانگەدا یادی راپەڕین و هەڵەبجە و نەورۆز لە پێش ئێمە دایە، مام جەلال بەنیازنیە بگەڕێتەوە ، نەك وەك کورد بگرە وەك سەرۆك کۆماری عێراق نایەوێ بێتەوە پاش پانزە بیست ساڵ دەستێك بەسەر کەسوکاری ئەنفال و هەڵەبجە و راپەڕیندا بهێنێت.

بەلاّم بینیمان سەرکۆمار بوو ، پرۆژەی سندوقی نەجەف و بژاردنی زیانەکانی مەزارگەکان و هاوکاری کارەساتی پردی ئەئیممەی بۆ جێبەجێکردن، نەمانبینی سندوقێك بۆ ئەنفال و هەڵەبجە دابنێ. بینیمان موچەی بۆ منالە چاوگەشەکانی عەبدولکەریم قاسمی لێدەری شۆڕشی ئەیلول بڕیەوە، نەمان بینی وەك "رێز" و بۆ یەك مانگیش بێت پارەی یەك مانگی بنەماڵەی قاسم بداتە نەوەکانی شێخ مەحمود، بەلاّم رۆژانە نەوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە ئەبینین هەژاری خەریکە دەیانخوا. سەرکۆمار دەچێتە زانکۆی بەغدا و لێشاوی هاوکاریەکانی هەموو زانکۆ دەگرێتەوە، کەچی ناتوانێت مشتێك گەندەڵی و کورسی و قاعە شکاوەکانی زانکۆی سلێمانی و بێ کارەبایی هۆڵەکان کەمکاتەوە، خەلاّتێکی بێ وێنە دەداتە شاعیرێکی جەزائیری و پەیکەر بۆ جەواهیری دروست دەکات، بەلاّم دەبێت پاش چەندان ساڵ ئەمڕۆ عەبدولا پەشێوی شاعیر ،خۆی نەتوانێ دیوانەکەی چاپ بکات و براکەی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، ئەم کارانەی سەرکۆماری کورد لە بەغدا هەموویان جێگەی نرخاندنن ، بەلاّم دەمەوێ بیرتان بهێنینەوە کە هێشتا زامەکانی خەڵك سارێژ نەبوو ، با ئەوەندەی تر قوڵیان نەکاتەوە، ئێمە قسەمان لە "ئینسان"ە نەك "نەتەوە"، بەلاّم دەبێت بزانین لێرەش ئینسان هەیە!!

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی کە وتەکەی خالد قشتینی لێرەدا بەکاربهێنین کە چوار ساڵ بەرلە ئێستا نوسیویەتی (عەرەب گەر بیەوێ عێراق لە گرفتی پارچەبوون بپارێزێ ئەوا سەرۆك کۆمارێکی کوردی بۆ دابنێ چونکە کورد هەر لە زووەوە عەرەبی رزگارکردوە، صەلاحەدین بوو نەك شام قودسیشی بۆ رزگارکردین، ئەگەرچ مام جەلال ناتوانێ ئەمجارە فەلەستین رزگاربکات، بەلاّم دەتوانێ عێراق بپارێزێ لە خواستە جیاخوازیەکان) لەبەرئەوە ئەبێت ببوری سەرکۆمار لەم پۆستەتدا تۆ هەرگیز سەرۆکی ئێمە نەبوویت ، تۆ بۆ ئەوان زۆرباش بویت بریا لەکاتی سەرۆك کۆماری تۆدا عەرەب بوینایە، بەلاّم سەیرە نازانم بۆچی تۆیان ناوێت و هەڕەشەی لێسەندنەوەی پۆستەکەت لێدەکەن؟؟!